شەونم

هۆنراوەی (14)

دل سراپردە محبت اوست

ماڵی دڵ مەنزڵی ئەوینی ئەوە
چاوم ئاوێنە داری دینی ئەوە
من کە ژێرباری مینەتی کەس نیم
سەر و ماڵ و دڵم رەهینی ئەوە
تۆ و تووبا و ئەمن و باڵای یار
بیری هەر کەس بە تێگەیینی ئەوە
من ئەگەر بەدفەڕ و گونەهکارم
هەموو عالەم گەواهی دینی ئەوە
لە حەرەمخانەکەی ئەوا من چیم
کزەبا مەحرەم و ئەمینی ئەوە
بێ خەیاڵی نەبێ روانگەی چاو
چونکە ئەو گۆشە شانشینی ئەوە
کامە گوڵ جوانترە و چەمەن رازێن
رەنگ و بۆنی لە زولف و چینی ئەوە
رۆیی مەجنوون و هەر بە پێنج رۆژان
یەکی دی دێت و نۆبە شینی ئەوە
دەوڵەتی عەیش و نۆش و ملکی ئەوین
چی هەمە هۆی فەڕی جەبینی ئەوە
با من و دڵ ببینە قوربانی
چونکە ئاواتی ئێمە ژینی ئەوە
وا مەزانە کە سواڵکەرە حافز
سینەکەی خەزنەی ئەوینی ئەوە

حافزی حەقیقی